**❋❋مام حسێن کوردە لە وتوو وێژێکی خۆمانە دا❋❋**

(سە بارە ت بە دە سکارە کە ی حسێن کوردە)

ڕێناس جاف

کە ڕوو دە کە یتە شار و شارۆچکە و گوندە کانی کوردستان بە گشتی و
هە ورامان بە تایبە تی، خە مۆکی یە کی سە یرت بە رچاو دە کە وێ.
نیگاکان دایمە وێڵی دوای زە ردە ی چاوە ڕوانی و ئینتزارن.
هە ژاری و بە لە نگازی ، لە سە ر و سیمای خە ڵک و دار و
بە ردە کە ی ، ئە بارێ.
ئە م هە ژارییە، سرووشتی خۆڕسکی بە هە شتە کە ی ئە م بە شە ی
کوردستانیشی ، بە هە مان دە رد بردووە.
تۆ بڵێی ئە م هە موو ڕە ش بینی یە لە حاند ژیان،دە بێ هۆکە ی چ بێت؟!
کامە دە ستی چڵکن، کامە دڵی ژە نگن، تە نانە ت دیمە نە کانی
سرووشتیشی تووشی ئە م دە ردە کردووە؟!
ئە م گش شە کە تی و ماندوویە تییە لە حە نای ژین، دە بێ هۆکە ی
چ بێت؟! ئە م هە موو بێ هیوایی و نائومێدییە بۆچ لە دڵی خە ڵک دا
هێلانە ی کردووە؟!
بە رسف و وە رام و لێکدانە وە و پە یبردن بە هۆ و هە گە رە کانی
ئە و دە ردە کاری و کوشندە، پڕ ڕوونە پێویستی بە توێژینە وە یێکی
تایبە ت هە یە ، بۆیە من لێرە ناوێرم خۆ لە قە رە ی وا ئە رکێ گران و
پڕ زە حمە ت بدە م، سە رە ڕای ئە وە ش ئە م چە ن دێڕە تە رخانە
بۆ تە وە ر و باسێکی دی، بە ڵام لە یە کە م نیگادا دیارە خە تاکە،
بە رۆکی دە ستە ڵاتداران و دە وڵە ت ، دە گرێتە وە کە هێشتا بە چاوی
ئالۆزستانێ، سە یری ئە م ناوچە دە کە ن ونایانە وێ لە هیچ بوار و
بە ستێنێکدا سووکە پێشکە وتنێ بە خۆ ببینێ و کە مترین بووجە شی
پێ تە رخان نادە ن.
لە دڵی ئە و هە موو ڕە ش بینی، هیوا براویی و هە ژارییە دا، لە بناری
کە ژێکدا ، دە سکاری ئیرادە یێکی پۆڵایینت بە رچاو دە کە وێ، هیوایێکت
لە دڵا دە بووژێتە وە.

ئومێدێک دڵخۆشت ده کات به سبه ێیکی گه ش.
ئه و ئیراده ی ئاواره یی و ده ربه ده ری و ماڵ وه کۆڵی و شه ڕ و
ماڵوێرانی، کۆڵی پێ نه داوه و له دڵی چیاییکی هه ڵه مووت ادا
ده سکارێکی وای ئافراندووه بۆ من و تۆی کورد و بۆ سبه ی کوردان،
میراتێکی گرانبایی و شوێنه وارێکی به نرخه و مایه ی شانازیش.
به ڵام به م ساڵانه هه ندێ مرۆڤی هه لپه رست و پاره خۆشه ویست
ویستوویانه هه ر جۆرێک بووه به پاره ێیکی که م ، ئه و شوێنه واره ی
له ده س ده ر بێنن و بۆ خۆ بیکه نه دوکانێک و کاسبی ، پێوه بکه ن،
لێ ئه و تاقمه ئاکار چه وته، ئه وه یان له بیر کردووه که ئیتر
شوێنه واره که ی "حسێن کورده"، میراتی کوردانه و مامه ڵه و
کاسبی له سه ر ناکرێ.
که ڕێ به ره و شارۆچکه ی "باینگان" هه ڵکه وته له 16 کیلۆمیتری
شاری "پاوه" ده گریته به ر، هه ندێ که ڕێت بڕی و له جاده که ی
قیرتاو لات دا، پێ بنارێکت لێ وه دیار ده که وێ له نێوان ئاوایی و
گونده که ی "بانه وڕێ" و هاوینه هه واره که ی "مه یگۆڕێ" ادا
هه ڵکه وتووه که مه کۆ و نیشتنگه ی ساڵه های ساڵی
پیره پیاوێکی ته مه ن 75-80 ساڵانه له دڵره قی مرۆڤی ئه م چاخ و
خوله ، په نای بردۆته به ر دڵی که ڤران و ژووری جوێ جوێ له دڵی
که ژه که دا داتاشیوه.
به به هار و هاوینان، له به ر هه وای سازگار و فێنکی "مه یگۆڕێ"،
چه ن ماڵه کۆچه رت به رچاو دێ که ئه و ناوه یان کردۆته هه وارگه ی
خۆ و له وێنده رێ ژیان به سه ر ده به ن.
ئه و ماڵانه وه ک وتم کۆچه رن و به رده وام گه رمێن و کوێستان
ده که ن و که پر و که لاریان، بۆنی به رزه ده ماخانی شاهۆت به دڵا
ئه پژێنێ.
هه رکه نه ختێ به ره و لای سه رێی که پر و که لاره کان،
هه ڵده کشێی، له به رامبه ر ده سکاری پیره مێردی یه ک قاچی
وره به رزدا، ئه شکی شۆقێک ئه زێته نێو نیگاته وه و سه رسام ده بی
به و ئیراده کۆڵنه ده ره و سه د جاران ، ئافه رمی بۆ ده نێری که چلۆن

بۆ نزیکه ی 17 سالآن به زه نگنیٚ(قولنگیٚ) که تیژی نه کردۆته وه
له دلّی ئه و که ژه دا، هۆده ی ڕه نگا و ڕه نگی چیٚ کردووه.
تۆ بلّیّی چی پیره میٚردی دلّ به کولّی به و ده رده بردبیّت له م هه موو
ئاوه دانییه ، په نا بباته به ر که ژیٚک، مه گین هه ر له که سانی خاوه ن
هه لّویٚست و ئیراده به رز، بوه شیّته وه ئه و ناوه بکه نه
مه کۆیٚیک بۆ ژین؟! لیّی نیّزیک تر ده بمه وه هه تا وه رامیٚک بۆ
پرسیاره کانم ده س که ویٚ، ڕه نگه ئه تۆی خویٚنه ری ئه م بابه ته ش،
پیّت خۆش بیّت بزانی به رسف و وه رامی بۆ ئه و پرسیارانه ده بیٚ چ بن.
دواندنی ئه و زاته ی به ئیراده و وره ی پۆلاًیینی خۆ، که ژیٚکی سه خت و
هه لّه مووتی بۆ کوردان، کردۆته میراتیٚکی گرابنایی و به بایه خ،
به ڕاستی پڕ شیرینه. گویٚ شل کردن بۆ وته و قسه کانی ئه م
مرۆڤه گیان بیٚگه رد و دلّ به ئازاره ی، کۆلّیٚک بیره وه ری تالّ و
شیرین و قسه ی نویٚ و تازه ی پیّیه، کیٚ بیٚ و چیّژی لیٚ نه بات.
ئه و گیانه ی ، هه ستیٚکی پاکی کوردانه ی لیٚ ئه چۆڕیٚ و خرۆشیٚک
ئه خاته دلّته وه و به ڕاستیش ئه تورووژیٚنیٚ.
هه رکه به چه ن پرسیاران ، دونیای ده روونی ئه هه ژینی، ئه وه نده ی
له گیاندایه نازانیٚ له کویٚ و کامه بیره وه رییه وه ده س پیٚ بکات.
"فه رهادی هه ورامان" ڕاسته نه خویٚنده واره و به ژیانیٚکی سه خلّه ت و
هه ره دژوار و فه قیرانه له بناری هه مان ده سکاره که ی خۆیدا
ده ساچیٚنیٚ، لیٚ ئاگای له پرسه کانی ڕۆژی نیّو کوردانه و
به هه ر ده سکه وت و سه رکه وتنیٚکی کوردان له هه ر چوار-پیّنج
پارچه ی کوردستان، ئه م خه نی ده بیٚ و به هه ر نسکۆ و شکستیٚکی
کوردانیش، خه میٚ گران دایئه گریّت.
ئه مه ی ده خریّته به ر چاوان ، ده ره نجامی گفت و گۆ و وتوو ویٚژیٚکی
خۆمانه ده گه لّ ئه م زاته به رزه یه، به لاًم با له پیٚشدا تۆزیٚ زیّتری
بناسین.
******************************************
بۆ خۆ ده بیّژیٚ: حسیٚن دڕۆلّه یی نیّزیکه ی 80-75 سالّیٚک له مه و به ر
له گوندی "دڕۆلّه" ی سه ر سنووری ئیٚران- ئیٚراق له دایک بووه.

به باشی نازانێ ته مه نی له چه ندایه و چه ن ساڵیه تی.
"دڕۆڵه" گوندێکه له خواروی سیروانه وه هه ڵکه وتووه و ئه م ئاواییه
ده گه ڵ ئاوایێکی دی به ناوی " مه ڕه خێڵ"، له دوایین ئاواییه کانی
ڕۆژهه ڵاتی کوردستان له ئالی هه ورامانه وه دێنه ئه ژمار و ته واویش
لکاون به خاکی باشووری کوردستانه وه.
ئه و دوو گونده جاران ئاوه دان بوون و خه ڵکه که ش له و ناوه دا
خۆیان به ئاژه ڵدارییه وه سه رقاڵ ده کرد و ئه هلی گه رمێن و
کوێستان بوونه. به ڵام دوابه دوای ده سپێکی شه ڕه که ی نێوان
ئێراق- ئێران، وه ک زۆرێ له گوند و شار و شارۆچه کانی دی
ڕۆژهه ڵاتی کوردستان، ئه و دوو گونده ش خاپوور و چۆڵ کران و
خه ڵکه که ش ئاواره ی شار و گوندانی دی بوون.
به ڵام به خته وه رانه وا بۆ ماوه یێک ده چێ هه مدیس ئاوه دان
بوونه ته وه و خه ڵکه که ی جاران،ڕوویان له مه حاڵه که ی
خۆ کردۆته وه ، که چی له به ر دۆخی ژیان و گوزه ران
له ماوه ی چوار وه رزه ی ساڵا، ته نیا به ینێ ، له وێ ده مێننه وه.

حسێن کورده بۆ خۆ ئه ڵێ: سه ر به هۆزی ئیمامی له به شی یۆسوویه.
له ژیانیا تاقه ژنێکی هێناوه که سێ که نیشک و سێ کوڕی لێ بووه.
کوڕه کانی هه ر به منداڵی نه ماون به ڵام کچه کانی مێردیان کردووه و
ئێسته ش سۆز به خشی دڵه ی مام حسێن کورده ن ، لێ له به ختی
ڕه شی مام حسێن هه ر سێ مێردی کچه کانی له شه ڕدا کوژراون.
***************************************

ئه مه ش ده قی گفت و گۆکه ده گه ڵ مام حسێن کورده

پ: مام حسێن بۆ ئێره ؟
و: کاکی برا دوای ده سپێکی شه ڕی نێوان ئێراق- ئێران که گونده که م

تۆپ باران و خاپوور بوو، منیش وه ک مابه قی خه ڵک، سه ری خۆمم
هه ڵگرت و به 40 سه ر ئاژه ڵه وه ، له گوندی "مه سووراخه " دا
گیرسامه وه که چی ته نیا پاشی به ینێ ، ئه و گونده م به جێهێشت و
په نام هێنایه بناری که ژێکی " مه یگۆڕێ" و ده ستم دایه داتاشینی
ئه م که ژه و پاش ساڵانێکی فره و ره نجێکی فره وان، 11 هۆده و
ژوورم تێیدا دروس کرد. ئیتر ئێره بوو به په ناگه ی ژینم و هه وارم
بوو به هه واره که ی فه رهاد.

پ: ته نیایی ئێره چی پێ به خشیویت؟

و: ئه وه ی ڕاستی بێت هه ر ئه و ته نیایی یه پاڵی پێوه نام ئێره کانێ
بکه مه شوێنه وارێک بۆ کوردان، هه تا بێنه سه یری و به بینینی بزانن
کورد هه رکه ئێراده ی کار و هه رمانێکی کرد و قۆڵی لێ هه ڵماڵی
له ده ستی دێ چیای وا هه ڵه مووتیش، ببه زێنێ و بیکاته مه کۆی ژین.
ئه م ته نیاییه بۆ من ئه و وره به رزه ی پێ به خشیم شوکر ئێسته
کورد پێی ده نازێ.

پ: مامه حسێن ئه م قاچه ت له که یه وه وای لێ هاتووه؟

و: وه ڵلاهی برا سه رده مانی زوو له ناوچه ی شاره زوور و
له که ژه کانی ده ور و به ری " عه واوه یلێ" له گه ڵ جه ماعه تێ
دۆس و ره فیق دا چوو بووین بۆ شه ره به ق و ڕاوه که و، خه ریکی
پڕکردنی تاپڕ بووم هه ر ئه وه نده م زانی که ساچمه که ی
ته قییه وه و به و ده رده ی بردم و به داخه وه له و ڕووداوه دا
قاچێکم له ده س دا.

پ: مام حسێن خاوه نی هه ستێکی بێگه ردی کوردانه یه ، ئه و
خۆشه ویستییه سه رچاوه که ی چییه؟

و: کاکی برا من کاتێ ئه بینم له م دونیا پان و به رینه دا گه لی وا هه یه
ملوێنێ نابێ که چی ده وڵه ت و وڵاتی هه یه و سه به خۆ ده ژی،
به ڵام له و لاوه گه له که ی من به مێژینه ی خه باتی دوور و درێژه وه
به و چه شنه ماموه ڵه ی ده گه ڵ ده که ن، ئه وه ئه بینم کورد به هانای
گه لانی بنده ست و لێقه وماوه وه ده چێ لێ که س لای لێ ناکاته وه و
دڵی بۆ ناسووتێنێ، به ڕاستی بۆکرووزێ ئه که وێته دڵمه وه، ئه م خرۆشه

له و هه موو بنده ستی یه وه سه رچاوه ده گری.
پ: میدیاکوردییه کان هه تا چه نده لایان له مام حسێن کردوّته وه؟
و: من قه رزاری کوردانم و به راستی سوپاسی هه موو کوردێکی
به هه ست ده که م دیته لام و ئه و گش رێگه سه خت و ناهه مواره
وه به ر خوّ ده دا هه تا بیره ده گات.
هه تا به ئیستا زوّر که سا ن له لایه ن میدیا کوردییه کانه وه هاتوونه
لام و فیلمیان لیّ هه لّگرتووم, له هه ولیر و سلیمانی یه وه چه ن جاری
داوایان لیکردووم بچم بوّ ئه ویّنده ری. سه ربارى ئه وه ش
له چه ندین ولاّتی دونیاوه هاتوونه لام و فیلمیان لیّ هه لّگرتووم. زوّر
نووسه ر و روّژنامه نووس و خه باتکاری کورد, سه ریان داوم.
پ: مامه حسێن ئاماژه ت به وه دا زوّر شوّرشگیری کورد سه ردانی
کردوویت, ده کریّ وردتر ئه خالّه روون بکه یته وه ؟
و: کاکه گیان به لای منه وه ئه وه ی زه حمه تی ئه و هه موو رێگه
وه به ر خوّ ده دا و دیّ بوّ لام به شوّرشگیری داده نیم.
ئه و ده مه ی" ئاپوّ" به هوّی پیلانیکی ناحه زانی کورده وه گیرا, من
حه وت مانگی خشت ده ستم له سه ر و ریشم نه دا و شانه م
پیا نه هینا, کاتیّ ئه و هه والّه گه یشتبووه لای گه ریلاکانی پ.ک.ک,
چه ن که سیکیان هاتنه لام و سوپاسی ئه و هه لّویسته یان کردم ،
دیاره من ئه وه م له به ر ویستی ده روونی کردووه و هه موو
رێبه ریکی کوردم لا خوّشه ویسته.
پ: هه گبه ی بیره وه ری حسێن کورده چی تیایه ؟
و: برا شوکر چه ندین ده فته ر و تیّنووسی بیره وه ریم هه یه که
به خته وه رانه خزمیکی ئیّناخیم به لیّنی داوه هه موویان کوّ بکاته وه و
له باشووری کوردستان ئه و به رهه مه که پریه تی له به لّگه نامه ی
به نرخ و شیعری پاراو, چاپ بکات, له باشووری کوردستانیش
له لایه ن ده زگاییکی چاپ و بلاّوکردنه وه ی کوردییه وه ئه و
به لیّنه یان پیّ داوه. به ئاواتم ئه و به رهه مه ببینم. دلّنیام خه لّکیش
زوّر چیژی لیّ ده بات.
پ: وه ک دوا پرسیار, حسێن کورده ئاوات به چییه وه ده خوازیت؟

و: ڕزگاری هه ر چوار پارچه ی کوردستان ، دامه زرانی ده وڵه تی کوردی و یه کگرتنی کوردان و سه به رزبیان له دونیادا ، له ئاواته له مێژینه کانی منن.

*****************************************

سه رنجێک: ئه م گفت و گۆیه به بن زاراوه ی جافی ئه نجامی گرتووه، به ڵام بۆ ئه وه ی بۆ هه مووان که ڵکی هه بێت، کردوومه به سۆرانی و به گوێره ی ورده کارییه کانی زوانی، ده سکاریم کردووه.